# پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی راگەیاندن





**یوسف عوسمان حمد**
Yousifhamad65@yahoo.com

لەرووی سایکۆلۆژیەوە سەرمایەدارەکان و خاوەن پرۆژە بەرهەم هێنەرەکان زۆر بایەخ بەبیروڕای گشتی و بۆچوون و مەیلی تاک و کۆمەڵ دەدەن و دراسەی پاڵنەرەکانی رەوشتی کۆمەڵایەتی دەکەن و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر سەرنج راکێشانی تاک و گۆڕانکاری لەسەری دا.

گرنگترین لایەنی دەروونی لە پەیوەندییەگشتیەکان،خاوەن پرۆژەکان مامەڵە لەگەڵ تاک و گروپ دەکەن و لە نێوانیان جیاوازی زۆر لە کەسایەتی و بەهاوپێوەرەکان و پێداویستیەکان و پاڵنەرەکان هەیە.

بۆیە دەبێ رەوشتی تاک و کۆمەڵ لێک بدرێتەوە بە دراسەیەکی زانستی بابەتی بۆ ریکخستنی پەیوەندیە مرۆییەکان لەسەر بنچینەی هاوکاری و خۆشەویستی تاک و خاوەن پرۆژەکان بۆ بەهێزبوونی تۆڕی گەیاندنی پەیوەندییەکان چونکە کەسی تەکنەلۆژیا دەبێ لەو حاڵەتەدا باوەڕی تەواوی بەخودی خۆی و زانستەکەی و کارەکەی هەبێت بۆ راکێشانی متمانەی بەرامبەر و ئامانج لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان رەچاوکردنی پەیوەندی دروستی مرۆییە لەناو خودی کۆمەڵگا بۆ وەرگرتنی رەزامەندی جەماوەرو کاریگەری لەسەر بیرو بۆچوونی گشتی ودەستکەوتنی بەڵگەیی و ئامادەکردنی کەشێکی دەروونی باش.

پەیوەندی گشتی لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندن و ئامانجەکەی بریتیە لە بەهێزکردنی پەیوەندکردن بە

کەسانی ڕۆژنامەنووس و تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن و ئامانجێکی تر بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی دامەزراوەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بەیانات و زانیاری خێرا لە ڕێگای تەکنەلۆژیا بۆ گەیشتن بە دەستی زۆرترین خەڵک لە کەمترین کاتدا ئەمەش بەهۆی دەرکردنی دەلیل بۆ پرۆژەکان یاخود بڵاوکراوە و سەرپەرشتی کردنی لەسەر بەرهەم هێنانی فلیمی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پرۆژەی گەیاندن پەیوەندی کەسی و بانگهێشت کردن بۆ ئاهەنگ و چالاکیەکانی دیکە ئەمەش جۆرێکە لە مۆدیلی مۆدێرن بۆ سەرکەوتنی تۆری تەکنەلۆژیای گەیاندن.

یەکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی بریتی یە لە، گەڕان و پێودانگی ئاراستە و بۆچوونی گشتی لەسەر وەڵامدانەوەی جەماوەردا و نەخشە و وێنەکێشانی سیاسەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی ئامێرەکانی پەیوەست بوون و گەشەکردنی پەیوەندی دروست و ڕاست و تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕکردنی نێوان دامەزراوەکان لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن و نێوان بەشەکانی تری حکومەت.

واتە هەماهەنگی لە نێوان هەموو دامەزراوەکان لە پێناو بەرژەوەندی جیاوازلەکۆمەڵگادابۆدەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە کارێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا.

پێدانی چڤاتی کارگێری بەبیرو بۆچوونی هونەری و هاوبەشی کردن لە دانانی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ وێنەکێشانی سیاسەتی دامەزراوە مەدەنیەکان بە مەبەستی بەکارهێنانی تۆری پەیوەست بوون و ئاگاداربوونی کارگێری دامەزراوەکان لەسەر سیاسەتەکانی نێوان جەماوەر لە ناوەوە و دەرەوەدا، وە ئاگاداربوونی جەماوەر بە تۆری گەیاندن و سوود وەرگرتنی لە خزمەتەکان و ڕۆڵی ئەو تۆرە لە پێهەڵسانی بە شێوازی جیاواز و ئاسان و ڕاستگۆیی و ووردەکاریدا.



دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان تۆرەکانی گەیاندن و عەقڵیەتی بەکارهێنانی جەماوەر بە مەبەستی لەیەکتر حاڵیبوون و گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە نێوان پرۆژەکانی گەیاندن و تاکەکان و لە نێوان خودی تاکەکاندا و گروپەکان لە ناوەوە و دەرەوەدا.

لە پێناو خزمەت گەیاندنی فراوان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا.

دەست پێکردن لەناو دامەزراوەکاندا بۆ ئەوەی ئەو ئەکتیف بوونە دروست بێت کە پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەهێز دەکات.

دەکرێ ئەوەش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەهۆی ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی و دەست پاکی لە شرۆڤەکردنی کارەکان و زانیاریەکان لەپێناو بەدەست هێنانی متمانەی جەماوەر.

کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی یەک پارچەی شێوازو تەکنیک و ئامانجەکان و دادوەری لە بەهاو مبدەئەکان لەهەموو هەڵسوکەوتێکدا.

وە دوورکەوێتەوە لە وەرگرتنی هەڵوێستی بەرگری کردن و داپۆشینی و فراوانکردنی یەکسانی لەمافی هەموو کەسێک لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژی زانیاریەکان وەکو یەک دەرخستنی ڕاستیەکان بە ڕاستگۆیی و شەفافیەت و دوورکەوتنەوە لە شاردنەوە و دیماگۆگیەت لە کارکردندا چونکە پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن گەورەترین وورووژێنەرن بۆ پێشخستنی زانیاریەکانی گەورەترین هاوبەشی ئەو کارەش یاخود پرۆژەیەش تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی چونکە بۆتە پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک.

لێرەدا دەبێ هاوکاری بکرێت بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی تاک نەک تەنها مەبەست دەستکەوتنی سەرمایەبێت، واتە هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان و ڕێکەوتن لەسەر هێڵە سەرەکیەکان لە سنووری پەیوەندیەکانی گشتی بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن .

واتە گەیشتن بە پێگەیشتن و کامڵ بوونی کەسایەتی لە ڕووی بەدەنی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی دا،کامڵ بوونە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.